# با ئێسقانی مردووەکانیشمان بە شارە ئازادکراوەکان شادمان بکەین!

سەلام عەبدوڵڵا

لە ماوەی ۳۵ساڵ لە دەسەڵاتی بەکۆمەڵکوژی بەعسیەکان، سەددان هەزار لە خەڵکی خانەقین، کەرکوك، شنگار، مەندەلی... هتد کەوتنە بە شاڵاوی سیاسەتی شوڤێنیستی تەعریب و بە زۆرەملی لە شارەکانیان دیپۆرتکران. لەو ماوەیەدا، هەزار کەس لەو خۆشەویستانە گیانیان لەدەستدا وبەناچاری لەو شوێنانە بەخاك سپێران کە تێدا دەژین.

ئەمڕۆ شارە تەعریبکراوەکان ئازادکران و زۆربەی هاووەڵاتییەکانیان بەخۆشی و شادی بەرەو باوەشی باوانیان گەڕانەوە. ئەی ئەوانەی گیانیان لەدەست دا؟

دایەپیرەیەك وتبووی: گەر خانەقی ئازاد ببێ، من لە کەلارەوە بە پێخاوسی بۆی دەگەڕێمەوە... چەندین کەس لە خۆشەویستەکانمان ئەم جۆرە هەستەیانە هەبووەو ئەو جۆرە ئاواتانە لە گەڵ خۆیاندا نێژرانا؟

ئەرکی گەڕاندنەوەی تەرمی خۆشەویستەکانمان بابەتێکی شەخسی نییە، بەڵکو ئەرکێکی گرنگی هەموو خەڵکی کوردستانە لە دژی سیاسەتی تەعریب و دەبێ بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەین کۆسپەکان لەو ڕێگایە پوچەڵ بکەینەوە.

لێرەدا چەند راستییەك دەنێمە بەرچاو بۆ رەوایی ئەم ئەرکە:

١/ تەعریبکراوەکان لەبەر هۆی شەخسی، تەعریب نەکران، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەر بەگەلێکی دیاریکراو بوون و فاشیستەکانی بەغدا دەیانویست ناسنامەی کوردستانی ئەو شارانە بسڕنەوە.

٢/ بەزۆرەملی دەرکران و گەر تەنها ئێسقانیشیان مابێ، مافی خۆیانە بۆ شارەکانیان بیانگەڕێننەوە.

٣/ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، دەبێت بە گەورەترین پرۆتێست لەدژی تەعریب و هەنگاوێکی مێژووییە بۆ ئەوەی جارێکیتر هیچ دەسەڵاتێك بیر لەو سیاسەتە نەگریسە نەکاتەوە.

٤/ رای گشتی عیراق و جیهان بۆ ئەو کارەساتە نامرۆڤایەتییە رادەکێشرێ....هتد

بەداخەوە، چەند ڕێگرێك(بۆ نموونە) لەبەردەم ئەم هەوڵە رادەوەستێت، وەك:

١/ مردووەکە بە(ئەمانەت) نەنێژراوە.

٢/ ئەو شارانەش کوردستانن، هیچ جیاوازییان نییە!

٣/ ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆچکردنیان تێپەڕیوەو ئێستا تەنها ئێسقانەکانیان ماوە!

٤/ شوێنی کۆچکردنیان لەناوچەوانیان نووسراوە!...

وچەند بیانووهێنانێکی کەیشیان هەیە کە بە ئاشکرا ڕەگی ئاینی پێوەوەیان دیارە...

لێرەدا، لە پەیوەست بەم ئەرکە، بانگەوازی کەسوکاری خێزان و نەوەو ڕێکخراوەکانی دژی تەعریب دەکەم بۆ تاوتوێکردن و هەڵوێستوەرگرتنی بابەتییانە، بە ئومێدی ئەوەی ئەم کارەساتە بایەخی جیددی پێبدرێ و لەچوارچێوەی تەبابی و لەیەك تێگەیشتن چارەسەر بکرێ.

تێبینی و رەخنەکانتان جێی رێزن...

سەلام عەبدوڵڵا
٢٠٠٣/٥/١٤
dwaroj@yahoo.de

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.